گفتوگۆ لەگەڵ جەلال بەرزنجی شاعیر

دیداری عەبدوڵلا ئەحمەد

ڕەخنەی چاودێر: سەرەتا، تاراوگە کاریگەریەکانی چیە لەسەر جیهانبینی شاعیر؟

جەلال بەرزنجی: شیعر نووسین لەسەفەرکردن نزیکە، لەهەردووکیاندا (کات)و (شوێن)ی پێشتر بەجێدێڵیو دەچیتە کاتو شوێنێکی تر، من لەکاتی سەفەرکردندا لەناو ئوتومبیل، یان شەمەندەفەر یان فڕۆکە یان کەشتی، حەزدەکەم هەمیشە لای پەنجەرە دانیشم، لەبەرئەوەی تا درەختو بەردو شەپۆلو چیاو رووبارو شاری تر ببینم، چونکە درەختی هەموو دنیاو چیاو رووبارەکانی هەموو دنیا، منداڵی سروشت پێک دەچن.. بەڵام من بەدوای ئەو حاڵەتانە دەگەڕێم کە لەپەنجەرەوە بۆم دروست دەبن.

بۆ من کەوا هەرسێ کیشوەری (ئاسیاو ئەورووپاو ئەمریکای باکور)م بڕیوەو پەرتەوازەی بنی دنیا بووم، لەنزیکەوە هەردوو زەریای زەبەلاحی (ئەتڵەسی)و (هادی)م بینیووە، دەستم لەشەپۆلەکانیان داوە.. تەماشام لەناو رەهایەتیان ون بووەو کاریگەرییان هەبووە لەدروستبوونی بینای شیعری من، جگە لەژیانێکی تر لە وڵاتێکی فرەکەلتووری وەک کەنەداو شارەزابوونی زمانێکی تر.. لەگەڵ ئەوەش شاعیر لەتاراوگە زیاتر ئیش لەگەڵ یادەوەریو کۆڵپنی دنیا نوستالیژیای خۆی دەکات. گەر زمانی ئینگلیزی بزانێت ئاگاداری نوێترین ستایلی شیعری نووسینی ئەمڕۆ دەبێت، هەرچەندە جیهانی ئەمڕۆ گۆڕاوە، مایکرۆسۆفت ئاسانکارییەکی زۆری کردووە بۆ پەیوەندی جیهانیو بەکلیکێکی ماوسی کۆمپیوتەر دەتوانی لەیەک چرکەدا بچیتە رۆژهەڵات و رۆژئاواو هەرچوارقوڕنەی دنیاو نامۆییو سۆزی دوورکەوتنەوە لەنیشتمان کەمتر بۆتەوە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەی زۆرجار هەستی لەتاراوگە ژیانو نامۆی ناخ شتێکی روحییەو فیزیکی نییە، بەڵام بۆ من ژیانی تاراوگە کاریگەری هەبووە لەسەر ستایلی شیعرنووسینم، بەتایبەتی لەشیعری (دوا پەنا)و (لەم دیو زەریاش خۆر لەبەلەمەکەمان هەڵنەهات) کە لەدیوانی (یادەوەری کەسێکی بەربا) ساڵی ٢٠٠٣ بڵاومکردونەتەوە.

ڕەخنەی چاودێر: بەبڕوای تۆ شیعر لەتوانایدا هەیە جگە لەچارەنووسە فەردییەکان هیچ گۆڕانکارییەک لەواقیعدا دروست بکات؟

جەلال بەرزنجی: شاعیر ژیانی پێغەمبەرانە ناژیو داواشی ناکات، شیعریش تەواوکردنی ئەم کەمەوکورتیانەیە لەمرۆڤو دنیادا هەیەو شیعر هەمیشە بۆشاییەکان پڕدەکاتەوەو شتە نەبینراوەکان دەکاتە بینراو. گۆڕینی لایەنی ڕۆحی لەئینسان دروست دەکات، حاڵەتی بینینی شتەکان بەشێوەیەکی جوانتر، پەروەردەکردنی زەوق لای ئینسان، بەرزکردنەوەی دیدی مرۆڤ بۆ ئاستێکی هونەری، لەئەنجامدا تۆ لەرێگەی پرۆسەی شیعر روحی ئینسانێک دەگۆڕی، کە ئەو ئینسانە لەئاستێکی زەوقی بەرزو ئینسانێک دنیا بەشێوەیەکی هونەری ببینێ، شتەکان بەشێوەیەکی ئیستاتیکیو جوانبینی. ئەو ئینسانەش، لەناو کۆمەڵە بەشێوەیەکی تاکە، دەتوانێ تاک کاریگەری هەبێ لەسەری، بەڵام شیعر ئەو پەیامە ئایدیۆلۆژیو سیاسییە نیە بتوانێ کاربکات بۆ گۆڕینی کۆمەڵ، لەڕوی سیاسیەکی ئەبستراکت (مجرد)، بەڵام بەرای من شیعر دەتوانێ روحی ئینسان بگۆڕێت، بیرکردنەوەی ئینسان بگۆڕێت، رامانی ئینسان بگۆڕێت، مامەڵەکردنی ئینسان بگۆڕێت.

ڕەخنەی چاودێر: بەقسەکانتا وا دیارە کاک جەلال شیعر زیاتر پەیوەندی هەیە بەکێشە کەینونیەکانی ئینسان، شیعر زیاتر گوزارشت دەکات لەکێشە کەینونیەکانی ئینسان، تا چەندێک وای دەبینی؟

جەلال بەرزنجی: شیعر لەناو کێشە کەینونیەکانی ئینسان بەبەردەوامی کاردەکات، هەر لەئەزەلەوە ئەو ئیحساسو تێڕامانو هەوڵدان بۆ دروستکردنی جیاوازی ئەرکی شیعر بووە، لەبەرئەوە بەرای من شاعیر لەناو کەینونەکان ئیش دەکات، بەڵام بەدەر لە (مێگەڵ) لەتێڕامانو ئەزمونو خودی خۆیەوە ئیش دەکات.

ڕەخنەی چاودێر: خاڵێکی تر هەیە کە بەلای منەوە گرنگە مەسەلەی زمان لەشیعردا، بۆنمونە هایدگەر پێی وایە زمان ماڵی بونە، مرۆڤ بەهۆی زمانەوە لەماڵی بوندا نیشتەجێیە، بێگومان لای شاعیریش ئەمە ئەرکێکی هێجگار گرنگە، تۆ هەست ناکەی لەئەزمونی خۆتدا زیاتر ئەو موفرەدانەی کە بەکارتهێناوە زیاتر زمانە ئەتوانێ ئەو گوتارەی کە خۆت ئەتەوێت بیگەیەنێت، واتە گوتاری شاعیر بەبێ زمان ناتوانێ بگات؟

جەلال بەرزنجی: خۆ ئەو مەسەلەیە زۆر کۆنە، کاتی خۆی مالارمێ گوتویەتی: (شیعر لە وشە نەک لەمەعنا) پێکدێت، لێرە چی گرنگە تۆ بەرای من لەحاڵەتی تەئەلوقو غەرقبوونی شیعرنوسیندا، لەئەنجامدا لەگەڵ زماندا دەمێنێتەوە هەموو دەلالەتو مەعناو ئیحاو حاڵەتەکان، تۆ دەتەوێت لەرێی زمانەوە دەریببڕیت، واتە تۆ لەگەڵ زمان دەمێنیتەوە، بەڵام لێرە چی گرنگە؟ تۆ چۆن دەتوانی سڕو نهێنیو جوانیو ئەو شتە پەنهان نراوانە ئەومانایانەی تۆ مەبەستتە لەرێگای پەیوەندیەکی زمانەوە دەریببڕیت، من هەمیشە لە (سەمای بەفری ئێواران)و ئەزمونەکانم زیاتر گرنگی بەتەقاندنەوەی زمان، دۆزینەوەی ئەو وشانە کە دەتوانێ گوزارشت لەو شتە پەنهانانەی من بکات، یاخود ئەو دنیایەی کە من مەبەستمە لەئەنجامدا راستە تۆ لەگەڵ وشەدا دەمێنیتەوە، بەڵام وەستایت، شاعیریەتت چەند دەتوانێ ئەو نهێنیو سڕە لەرێگای وشەکانەوە دروستبکەیتەوە.

ڕەخنەی چاودێر: کاک جەلال هەست ناکەیت بەشێوەیەک لەشێوەکان، بەرێژت دابڕاویت لەخوێنەری کوردیو کەمترلەناو جیلی تازەدا، جەلال بەرزنجی ئامادەیی هەیە؟

جەلال بەرزنجی: نزیکەی (٩) ساڵێکە لەکوردستان دورکەوتومەتەوە، لەتاراوگە دەژیم، کەمێک زەحمەتە بتوانم بەئاسانی شت لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوبکەمەوە، بەڵام من دانەبڕاوم، من هەمیشە هەست دەکەم کێرقی داهێنان لەمن دانەبەزیوە، پێش هەموو کەس خۆم موتابیعێکی زۆر وردی خۆمم، هەر لە(سەمای بەفری ئێواران ١٩٧٩) تا (گەرم نەبوونەوە ١٩٨٥) تا (یادەوەری)و تا (کەسێکی بەربا ٢٠٠٣) تائێستاش دیوانی (ناوم بنێن ماڵەوە) کە بۆ چاپ ئامادەیە.

هەندێک شیعری تازەم بەم دواییە لەسەر ڕۆژنامەکانی سەر سایتەکانی ئەنتەرنێت بڵاوم کردۆتەوە، لەگەڵ ئەو دیوانەی کە ئێستا هێناومەتەوە هەست ناکەم لەئەزمونەکەی خۆم جێماوم، هەست دەکەم هەمیشە خۆم تێئەپەڕێنم.

ڕەخنەی چاودێر: مەبەستم لەناو جیلی تازەیە، لەناو نەوەی تازە، لەناو ئەو نوخبە تازەیەی شیعردا؟

جەلال بەرزنجی: ئەوەیان من زۆر ئاگادار نیم، بەڵام لەوانەیە لەبەر دووریم یان بەڕاستی شتێکی تر هەیە ئێستا سەرچاوەی بڵاوکردنەوە زۆربووە، ئێستا وایلێهاتووە تۆ لەسلێمانی شتێک بڵاودەکەیتەوە لەهەولێر ئاگادار نین، من شیعرێکم لەپاشکۆی ئەدەب بڵاوکردەوە (لەپایزی شوێنێک نەبوو) هەندێک برادەر لەهەولێروتیان نەمانبینوە، نازانم خەلەلێک لەدابەشکردنی ڕۆژنامەکان بۆ هەموو شوێنەکان خەلەلێکی دروستکردووە. خوێنەریش نەختێک تەمەڵ بوویەو وەک جاران متابەعەیان نەماوە.

ڕەخەی چاودێر: لێرەدا پرسیارێکم هەیە، جەلال بەرزنجی تا چەند لەگەڵ تەلیعیەکانی هەولێردا یەکدەگرێتەوە؟

جەلال بەرزنجی: ئەو پرسیارە زۆرجار کراوە، زۆرجاریش وروژێنراوە، تەلیعیەت زۆر جاریش باسم کردووە، ئێمە کۆمەڵێک شاعیر بووین، دوای ئەوەی من بۆ خۆم لەحەفتاکانەوە تەجروبەیەکی تایبەتیم هەبوو، بەڕاستی پێش ئەوەی ئەو هەوڵانەی بۆ نوسینی شیعری جیاواز ناوی لێبنرێت شیعری تەڵیعی، لای هەندێک کەس من بۆخۆم خەریکی ئەزمونی خۆم بووم لە ١٩٧٩ (سەمای بەفری ئێواران)م چاپ کرد، ئەتوانم بڵێم ئەگەر ئێستا بچینەوە سەر دەقەکانو تەماشای دەقی شیعری ئەوسای شیعری کوردی بکەین، لاسایکردنەوەی پێوەدیار نییە، دەنگی تایبەتی خۆمە، تەعامولێکی تازە لەبیناکردنی شیعر، هێنانەوەی شیعر بۆ ناوەوە، یان هەوڵدانێکە بۆ نوسینەوەی شیعری جیاواز، دوایی برادەری کەش بەهەمان شێواز، شێوازی تازە، شێوازی جیاواز، هەوڵیاندا بۆ نوسینی شیعری تازەی شیعری جیاواز، شیعری زیاتر دوورکەوتنەوە لەمانا و لەبابەتو لەغەرەزی شیعریو، کە شیعر زیاتر تەعبیر لەخودو ڕۆحو مامەڵەیەکی تازە لەگەڵ زمان بکات، ئەو هەوڵانەمان ناوی لێنرا تەلیعی، من لەگەڵ ئەو وشەیە کۆک نەبووم، هەمیشە زۆر پێم خۆش نەبووە، بەڵام بەڵاشمەوە زۆرگرنگ نەبووە، ئەو هەوڵە هەبوو لەهەولێر چەند برادەرێک بووین من بووم (جەلال بەرزنجی)، (عەباس عەبدوڵڵا یوسف بوو، دڵشاد عەبدوڵڵا بوو، کۆمەڵێک لەسەرەتای هەشتاکان کۆمەڵە شیعرێکی پێشکەشکرد بۆ ڕەقابە بەناوی (سێ) ڕەقابە ریگەی نەدا بڵاوی بکەینەوە، ئیتر من هەمیشە شیعر لەزاراوەو لەرێبازگەو لەقاڵبو لەو شتانە بەگەورەتر ئەزانم، حەزناکەم شیعرەکەم بخرێتە ناو هیچ چوارچێوەیەکەوە، بەڵام کە شیعری تازەمان دەنوسی خەڵکی تر ئەو ناوانەی لێدەنا، بۆخۆمان ئەو ناوانەمان لێنەدەنا.

ڕەخنەی چاودێر: کەواتە ناوی تەلیعی خۆتان ناوتان لێنەنابوو، خەڵکی ترهەبوو ئەو ناوەی لێنابوو؟

جەلال بەرزنجی: بەڵێ خەڵکی تر هەبوو، دیارە شیعرەکانی ئەو سەردەمە شیعری پێشڕەو، یان هەوڵدانێک بۆ تازەکردنەوە، یان نوسینی شیعرێکی جیاوازی کوردی، ئیتر تەلیعیەت ڕێبازێکە لەئەدەبی ئەوروپی، بەتایبەتی لەشانۆ، واتە شتێک نەبووە تازە بووبێ، بۆ ئەوانەی پێشڕەوایەتی دەکەن لەنوسینی بەشێوازکی تازە.

ڕەخنەی چاودێر: کاک جەلال تۆ دەڵێی ویستمان دووربکەینەوە لەغەرەز، لە مەعنا، لە مەوزوع، لەدواجاردا پێت وانییە کە شیعر بەشێوەیەک لەشێوەکان مەعنا وەکو گۆران و کامەران موکری دەبووایە خەڵک هەمووی تێی بگات، دەبوایە غەرەزەکانت رون بێت، دەبوایە حەماسەت بدەی بەخەڵک، دەبوایە گوتارێکی قەومی هەڵگرێ لەگەڵ خۆت خزمەت بەسیاسەت و ئایدیۆلۆژیا بکەیت.

ڕەخنەی چاودێر: وەکو ئەزمونی ڕوانگە؟

جەلال بەرزنجی: ئەزمونی ڕوانگە هەڵگری گوتاری قەومی بوو، لەگەڵ هەندێک جیاوازی لەگەڵ پێش خۆیان توانییان نەختێک یاری بەوشە بکەن، بەجۆرێکی تر مانا دەربڕێ، بەڕاستی من کاتی خۆی زۆر چاوەڕوان بووم ژمارەکانی ڕوانگە دەربچێت، هەوڵەکەیان هەوڵێکی باش بوو لەسەردەمی خۆی، چونکە دەیانویست شێوازی نووسینو گوزارشتکردن بگۆڕن، لەگەڵ ئەوەی پشت ئەستور نەبوون بەتیوریکی دەوڵەمەندی شیعرنوسین، بەڵام توانیان هەندێ یاری لەگەڵ وشەو ماناکان یاخیبووانەتر دەربڕن.

ڕەخنەی چاودێر: کەواتە ئێوە ویستان نە لەشێوەی ڕوانگە بچن، نە لەشێوەی ئەو شاعیرە نەتەوەییانە بچن، نە لەو شاعیرە بەرگرییانە بچن؟

جەلال بەرزنجی: ئەوەی ئێمە شتێکی جیاواز بوو، بەڕاستی من نامەوێ زۆر باسی گروپەکە بکەم، چونکە بەرای من شیعر محاوەلەیەکی تاکەکەسییە، زیاتر لەکاتی شیعرنووسین تۆ لەدونیای خۆتی، هیچ شتێک ناتبەستێتەوە بەوانی تر. ڕەنگە لەڕامانو مامەڵەکردن لەگەڵ دنیاو ستایلی نووسینی تازە زۆر شاعیر بەشداربنو هەوڵەکانیان بچێتە ناو رووباری نوێخوازیەوە.

ڕەخنەی چاودێر: بەڵام تۆ لەوباوەڕەدا نیت کە ئەوان جیلێکن وەکو باست کرد (عەباس عەبدوڵڵا یوسفو دڵشاد عەبدوڵڵا بەشێوەیەک لەشێوەکان جیهانبینی ئێوە لەیەکتر بچێت؟

جەلال بەرزنجی: بەڵێ هەرسێکمانو برادەرانی تر هەوڵماندا شیعری جیاواز، شیعرێک بنوسین وەکو شیعری شاعیرانی ئەوسەردەمە نەبێت، بۆنمونە خوێندنەوەمان لەیەکتر نزیک بوو، ئەو سەرچاوانەی کە دەمانخوێندەوە لێک نزیک بوون، موناقەشاتمان لێک نزیک بوو، بەڵام ئەزمونەکان ئەگەر بچینەوە سەریان زۆر جیاواز بوون، هەریەکە بەشێوازی خۆی، هەریەکە بەرامانو جیهانبینی خۆی، بەڵام هەموومان هەوڵی ئەوەمان ئەدا شیعری تازە بنوسینو جیاوازبین لەوانی تر.

ڕەخنەی چاودێر: ئەگە بێینە سەر ئەزموونی ڕوانگە، هەست ئەکەی ڕوانگە چ شتێکی لای جەلال بەرزنجی جێهێشتووە؟

جەلال بەرزنجی: شتێکی وای لا بەجێنەهێشتووم تا بچمەوەسەری وەکو دەق، چونکە دەقەکان لەکاتی خۆی خۆش بوون، کە دەمانخوێندەوە بۆ ئەوکات، بەڵام وەکو دەقێکی زیندوو بتوانێ مەسافەکان ببڕێت، وەکو هەندێک دەقی زیندووی جیهانی، دەقەکان زیاتر چۆتە خانەیەکی ئەرشیف. بەڵام بۆ سەردەمی خۆی دەبێ بەئینساف بین هەوڵەکەیان باش بوو ویستیان شتێکی تازە بکەن دژی سەلەفیەتو بۆچونە کۆنو پەیوەندییە باوەکەی ئەوسەردەمە، بەتایبەتی سیاسەت تێکەڵی هەموو شتەکان بووبوو، ئەوان ویستیان خۆیان گوتەنی (گۆمەکە بشڵەقێنن) بگەڕێمەوە بۆ ئەوسا بۆ حەفتاکان، بۆ سەردەمی خۆی قیمەتی خۆی هەبوو، بەڵام تۆ سەیرئەکەی بەیانی سریالییەکان یان ئەو دەقانەی کە ئەوان نوسیویانە تۆ دەگەڕێیتەوە سەری نەمرییەک لەدەقەکاندا هەیە، توانیویانە زەمەنی پێش خۆیان ببڕن، بەڵام دەقەکانی ڕوانگە ئەونەمریی و تێپەڕاندنییەی زەمەن، لەبەرئەوە ئەگەر بگەڕێمەوە سەری شتێکی تازە بەدیناکەم، هەتاکو بەخوێندنەوەیەکی تازەش سەیری ئەو دەقانە بکەم شتی نەمرو زیندوی تیا بەدیناکەم.

ڕەخنەی چاودێر: کاک جەلال، (بەختیار عەلی) ئەڵێ: (١٠ ساڵە شێرکۆ بێکەس لەبەردەم دەرگای ئەدەبی کوردیدا وەستاوە، دەنگەکان دێن هەمووی ئەبن بەسێبەرێک لەسێبەرەکانی ئەو، سەدایەک لەسەداکانی ئەو).. تۆ پێت وایە دەنگی شێرکۆ، کاریگەری ئەزمونی شێرکۆ، ڕەنگدانەوەی هەبێ بەوشێوەیەی کاک بەختیار عەلی باسی ئەکات لەئەزمونی تۆدا؟

جەلال بەرزنجی: ئەوە بۆچوونی (بەختیار عەلی)یە، ڕەنگە بەگوێرەی ئەویان چەند شاعیرێکی تر وابێت، بەگوێرەی خۆم هەر لەسەرەتای دەستپێکردنم لەگەڵ ئەوەی حەزم لەشیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس) دەکرد ئێستاش هەندێک شیعریم پێخۆشە، بەڵام من بۆخۆم لەقۆناغی ژێر کاریگەری دەرچوومە، سی ساڵ زیاترە دەنووسمو زمانو دیدو ناوچەی تایبەت بەخۆم هەیە، ئیشی شیعری خۆمی تێدا بکەم، بەهۆی ژیانی تاراوگەم (٤-٥)ساڵ من نەک شیعرەکانی کاک شێرکۆ، شیعری هیچ لەشاعیرە کوردەکانم پێنەدەگەیشتو خەریکی ئەزموونی شیعری خۆم بووم.

دوای من لەگەڵ ئەو جۆرە بۆچوونە نین هەوڵەکانی تر بچووک بکاتەوە، شیعریش بەپێوانەی سیاسیانەو مۆنۆپۆڵ کردن مامەڵەی لەگەڵ ناکرێ.. ئەمڕۆ سەرچاوەی کلتووریو زانیاری زۆر بووەو شاعیر دەتوانێ تواناکانی خۆی پەروەردە بکات، دەکرێ لەیەک کاتدا چەندەها ستایلی شیعرنووسین هەبێت.

ڕەخنەی چاودێر: کاک جەلال بەقسەکانتا ئاماژەت پێدا، باسی ئەدەبی جیهانیت کرد، ئایا تۆ زیاتر ئەدەبی جیهانی کاریگەری هەیە بەسەرتەوە یا ئەدەبی شاعیرانی کورد؟

جەلال بەرزنجی: مەسەلەکە پەیوەندی بەکاریگەرییەوە نییە، من ئێستا لەمەسەلەی کاریگەری چوومەتەدەرێ، دیارە لەقۆناغێک لەقۆناغەکانی تەمەنم لەژێر کاریگەری بووم، بەڵام ئێستا زیاتر چێژ لەئەدەب دەبینم، بۆنمونە، چێژ لە خوێندنەوەی ئەدەبی باش دەکەمو تەزەوقی دەقی جوانی کوردیش دەکەم، کاک شێرکۆش هەندێک دەقی جوانی هەیە کە من چێژیان لێدەبینم، هەروەها برادەرانی کە دەقی جوانیان هەیە هەتاوەکو شاعیرە لاوەکانیش دەقی جوانیان هەیە کە من چێژیان لێدەبینم، واتە مەسەلەکە ئەوە نییە کە من بڕطوام بەوە نییە کە دەقی شیعری جوانی کوردی نیە، مەبەستم کاریگەرییە، واتە تۆ بێیت لەئەنجامی پێشەوەچونی ئەزمونی خۆت، بەرای من لەقۆناغی کاریگەری بون دەربچێ، دەبێ بێتەوە دنیای خۆت، تۆ ئەگەر لەژێر کاریگەری بوی ئەوا هەروا دەمێنیتەوە، ئەوە من ٣٥ ساڵە دەنوسم دەبێ لەقۆناغی کاریگەریتی دەرچووبم، بەڵام ٣٥ ساڵ پێش ئێستا یان ٤٠ ساڵ پێش ئێستا کە تازە خەریکی دەوڵەمەندکردنو بەرەوپێشەوەچوونی ئەزمونی خۆم بووم، ڕەنگە کاریگەری هەبوبێ.

ڕەخنەی چاودێر: کاک جەلال ئەو شیعرە ئایدیۆلۆژیو ئەو شیعرانەی بۆ موناسەبەت ئەوترێت لەلایەن شاعیرانی کوردەوە، تۆ چۆن ئەیبینی؟

جەلال بەرزنجی: بەرای من شیعر گوناهە بۆ ئایدیۆلۆژی یان بۆ موناسەبات بنوسرێت، شاعیر دابەزێتە ئاستی شتە ئایدیۆلۆژیەکان، بەرای من پێویستە سیاسی دابەزێتە ئاستی شیعر، چونکە هەمیشە شیعر بەرای من شەفافیەتو خاوێنترو ئاستەکەی بەرزترە لەئایدیۆلۆژیا، کە شاعیر کاتی خۆی دادەبەزێنێت بۆ ئایدیۆلۆژیا غەدر لەخۆی دەکات، غەدر لەشیعر دەکات، لەبەرئەوە من ناڵێم ئەوانەی کە شیعر بۆ ئایدیۆلۆژیا دەنوسن لەوانەیە زۆر تەعامولێکی زۆر جوان لەگەڵ وشەدا بکەن، یان ئیحساساتی شیعری هەبێت، بەڵام شیعری ئایدیۆلۆژی یان شیعری سیاسی صرف ئەو شیعرانە هەر بۆ کاتێک عاتیفەی جەماوەر بوروژێنن.

ڕەخنەی چاودێر: کاک جەلال گەر بکرێت لەسەر ئەم ناوانە بدوێیت؟

جەلال بەرزنجی: (بەپێکەنیەوە) دەکرێ ئەو پرسیارە تەرک بێت؟

ڕەخنەی چاودێر: وەڵامی حەزدەکەم..

گۆران: ناسکیەکەی لەوێنەکێشانەوەیەکی تری سروشت زۆرجار ڕۆمانسیەت تێدەپەڕێنی. بەڵام ئەو شیعرانەی بۆ ئایدیۆلۆژیا نووسیویەتی دەمێکە مردوون.

شێرکۆ: مێژووی پڕ تراژیدی کوردی کردووە بەشیعرێکی جوانی درێژ درێژ تائێستاش بەردەوامەو درێژدە بێتەوە.

دڵشاد عەبدوڵڵا: شاعیرێکی بەتوانایەو ستوون نووسێکی زۆر باشە.

کەریم دەشتی: شاعیرێکی باشە، بەڵام زۆرجار ئیشکردنی لەسەر هزرو زانیارەکانی کار لە کەمکردنەوەی جوانکاری شیعرەکانی دەکەن.

بەختیار عەلی: ڕۆشنبیرێکی باشو ڕۆمان نووسێکی بەتوانایە، بەڵام هەندێک درێژدادڕە.

مەحمود زامدار: شێخی خەمخۆرانی هەوڵە نوێخوازیەکانی ئەدەبو هونەر بوو لەحەفتاکانو هەشتاکان، بەهۆی دوورکەوتنەوەی ئەوەو هەشت نۆ ساڵە نازانم ئێستا وا ماوە یان نا!

ڕەخنەی چاودێر: ئێستا چ شاعیرێک لەزاکیرەت هەیەو کاریگەری هەیە بەسەرتەوە؟

جەلال بەرزنجی: وەک پێشتریش گوتم، من ئێستا لەقۆناغی ژێر کاریگەری کەس شیعر نانووسمو دنیاو دیدو ستایلی خۆم هەیە بۆ شیعر نووسینو بۆیە خۆم (جەلال بەرزنجی) لەزاکیرەم هەیە.

ڕەخنەی چاودێر: زۆر سوپاس..

جەلال بەرزنجی: سوپاس بۆ ئێوەش.■

ئێستا زیاتر چێژ لەئەدەب دەبینم، بۆنمونە، چێژ لە خوێندنەوەی ئەدەبی باش دەکەمو تەزەوقی دەقی جوانی کوردیش دەکەم، کاک شێرکۆش هەندێک دەقی جوانی هەیە کە من چێژیان لێدەبینم، هەروەها برادەرانی کە دەقی جوانیان هەیە هەتاوەکو شاعیرە لاوەکانیش دەقی جوانیان هەیە کە من چێژیان لێدەبینم

جەلال بەرزنجی شاعیر لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ عەبدوڵڵا ئەحمەد - ئۆفیسی چاودێر

گروپی ڕەخنەی چاودێر
سامی هادی
محەمەد نوری - دانا ئەحمەد
ڕەخنەی چاودێر